# چەپ واتای چی؟

ڕێبوار ڕەشید



**پێشەکی:**

کاتێک خودا میوانداریی ئادەم و حەوا دەکات پێیان دەڵێت دوو دیاریم بۆ هێناون، بەڵام پێش ئەوەی باسی یەکەم دیاریان بکات یەکسەر ئادەم دەست دەکات بە هاوار هاوار و دەڵێت بیدە بە من، من دەمەوێت، من دەمەوێت.
خوداش دەڵێت یەکەم دیاریم شتێکە کە بە هۆیەوە دەتوانرێت بە پێوە میز بکرێت، ئەگەر دەتەوێت دەتدەمێ. ئادەم دەڵێت جا قوربان ئەوە باشترین دیاریە. مەگەر چی لەوە باشترە؟ خودا ئارەزووەکەی پەسەند دەکات. لە چاوتروووکاندنێکدا ئادەم شتەکەی پێوە دەبێت. ئادەم بە هەر چواردەوری خۆیدا بە پێوە دەست دەکات بە میز کردن. ڕەسمی بازنە و سێگۆشە و چوارگۆشە بە میز دروست دەکات و بە فرکە و بە باز بە دەم گۆرانی گوتن و بە پێوە میزکردنەوە لێیان دوور دەکەوێتەوە. خودا و حەوا لەو دوورەوە گوێیان لێیە کە ئادەم بانگیان دەکات بچن بۆ لای و سەیری ئەو هەموو شتە جوانە بکەن کە بە پێوەمیزکردنەکەی دروستیان دەکات.
هەردووکیان چاویان یەکانگیری بازبازێن و میزکردنەکەی ئادەم و گوێیان پڕ لە هاواری پڕکەیفی ئەو سەرنجیان وا دەڕەوێتەوە کە ناتوانن پێکەوە لەسەر قسەکانیان بەردەوام بن.
بەو شێوەیە سەرمەستی ڕاکەڕاک و تریقانەوەی ئادەم نازانن بە کام لادا دوای ئەو هەموو کارە بکەون کە ئادەم پێدادەگرێت بە پێوە بە میز نەخشی کێشاون. هەردووکیان بە دەنگی لە پڕی ئادەم ڕادەچڵەکێن کە بانگیان دەکات بچن بۆ لای و نەخشەی ئەو هەموو کۆشک وتەلار و شتە جوانانە ببینن کە بە میزەکەی خۆی کێشاویەتی و کە دەمێکە لە خولیای ئەو ئاییندەبینییەی دایە کە بتوانێت ڕەوان نیشانی بدات. خودا و حەوا لە ژێر فشاری هاوار و هەڵبەزینەوەی ئادەمدا ناچار بەرەو ڕووی دەرۆن و ئاوا چەند هەنگاوێک دوور دەکەونەوە کە حەوا وەبیر خودای دەهێنێتەوە:
ئەرێ تۆ باسی دوو دیاریت کرد، ئەوی دیکەیان چی بوو؟
خودا بەدەم هەناسە هەڵکێشانێکەوە دەڵێت:
مێشک، مێشک، ئەوی دووهەمیان مێشکە حەوا گیان.

**کێشەی ڕوونکردنەوە:**

ئەمە هەروەها بەشێکی مێژووی ئەوەیە کە لە کورددا پێی دەگوترێت "چەپ".
بۆ شکاندنی ئەو خەتەی ئادەم لە سوننەتی چەپبووندا دەبێت دووبارە بگەڕێینەوە بۆ بەر لە قۆناخی ئەو دیاریەی خودا.
من پێم وایە کارەکە بۆ خۆمان هەر زۆر هاسان دەکەین گەر لە سەرەتاوە بەوە دەست پێ بکەین کە لە خۆمان بپرسین: چەپ واتای چی؟
ئایا پێناسەی ئێمە بۆ چەپ چییە، چەپ لە کوێوە دەست پێ دەکات و بە کام قۆناخانەدا تێپەڕ دەبێت و لە کوێدا کۆتایی دێت. ئایا چەپبوون خەسڵەتە یان ڕەفتار یان هەردووکیان؟ ئایا هەر بە تەنها تیئۆریە یان کرداریش، بە مرۆڤ دەکرێت یان بە ڕۆبۆت؟ ئایا تێگەیشتن لە چەپ وەک تیئۆری و بیر لە ئاستێکی وادا کە قۆناخ پێویستی بکات مەرجە یان نا؟
من پێموایە پرسیار زۆر هەن کە دەبێت بە ئازایەتیەوە بکردرێن بۆ ئەوەی بتوانین خۆڕاگریی ئەو تیئۆریەمان لا ڕۆشن بێتەوە و هەروەها بۆ ئەوەش کە مرۆڤ بزانێت ئەو تایبەتمەندیانە، ئەو پێویستیانە، ئەو پێشمەرج و مەرجانە چین کە دەبێت هەی بێت تا بتوانێت "چەپ" بێت.

www.dengekan.com

خۆدزینەوە و نەتوانیستی وەڵامدانەوە بە پرسیارگەلی گرینگ دەمانخاتە دۆخێکەوە کە سەرمەستی دیاریەکەی خودا شانازی بە ئەقڵی خۆمانەوە دەکەین. ڕازیبوون لە ئەقڵی خۆ ترسناکە. ژمارەی ئەو چەپانە بێئەژماردە کە پێیان وایە هەموو کەس بەخیلی بە ئەقڵیان دەبات.

## مانای چەپ:

لە سەرەتایەکی هاسانەوە دەتوانین بە دوای مانایەکی لیکسیکالیی، واتە فەرهەنگیی، مانای "چەپ" دا بگەڕێین. پێناسەی "چەپ" لە نێزیکەی هەموو فەرهەنگێکدا بە پلەی یەک پێوەرێکی جوگرافیە، نەک سیاسیی، بۆ نموونە بە پێی فەرهەنگی ئێم ئێس ئێن[1] لە خاڵی یەکدا:

1. چەپ خۆرئاوا دەگرێتەوە کاتێک ڕوو لە باکوور بێت.

مانای دووهەمی "چەپ" لە فەرهەنگەکاندا ناوەڕۆکی سیاسیی هەیە کە پێی فەرهەنگی پێشوو:

2. لە سیاسەتدا داواخوازی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی: پشتگیریکردن لە ڕیفۆرم یان لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیی و سیاسی لیبرالیی، سۆسیالیستیی یان کۆمۆنیستیی.

فەرهەنگی کامبریدج هەر بە هەمان شێوە نووسیوویە چەپ "ئەو گرووپە سیاسیانەیە کە بڕوایان وایە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵ جێی خۆیەتی بەشیان لە سامان و دەستەڵاتدا هەبێت"[2].

بەڵام هەم لە تیئۆری سیاسی و هەم لە پراکتیکیشدا دەردەکەوێت کە "چەپ" هاوکات دەتوانێت لاباڵی هەر باڵێکی سیاسی بێت کە لەو باڵەی خۆیدا خوازیاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت ڕووەو شێوەیەکی "دادوەرتر" لە سیاسەتی ڕۆژ.

بەو شێوەیە وشەی "چەپ" وەک پاشگرێک بۆ ناوی ڕێکخراوەیەک لە ڕاستیدا هەر ئەو قازانجەی هەیە کە جەخت بکات کە لە بەری "ڕاست" نییە، ئەگەر ئەمە مایەی جۆرێک خۆشحاڵیی بێت. وەبیر خۆمانی بهێنینەوە کە "چەپ" لە ڕێزماندا جێگای ئاوەڵناوی هەیە و ئاماژە بە سیفەت دەکات بۆ شتێک.

هەڵبەتە هەر لە بۆچوونەکانی ئەفلاتوونەوە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە ناو بیرە سەرەتایی بەڵام فرە گرینگەکانی گێرارد وینستانل Gerrard Winstanle (١٦٠٩– ١٦٧٦) دەربارەی دادپەروەریی، یەکسانیی، ئازادیی و گرینگیی هەبوونی خاک تا ئەمڕۆ، ئێمە دەتوانین ئاماژە بە شێوەی بێئەژمارد لە جۆری چەپ بکەین کە بێگومان هەرە زۆربەیان پاش بڵاوبوونەوەی مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست دامەزراون. هەر لەو ١٥٠ ساڵەی ڕابردوودا ڕەنگە بە هەزاران شێوەی جودا لە پارت و ڕێکخراوی سیاسیی لە سەرانسەری جیهان و بە تایبەتی لە ئورووپا دامەزرێنرابن، چەند دانەیەک لەوانە وەکوو سۆسیالدیموکراتەکان هێشتا هەر ماون و کاریگەریی جیددیان لەسەر سیاسەتی جیهانیی هەیە. هیچ پارتێکی چەپ لە جۆری کۆمۆنیستی و مارکسیستی لێنینی/ ماوی/ ستالینی نییە کە بە بەردەوامیی وەک خۆی مابێتەوە. هەر هەموویان بوون بە دەیان جۆری جودای دژ بە یەکەوە.

بەڵام هێشتا هەر جۆرەکانی چەپ بە تەنها لەو پارت و ڕێکخراوانەدا خولاسە نابێتەوە. بێنەوبەرەی بۆچوونی جودا کە "چەپ" لەسەر ئەم پرسیار و ئەو پرسیار کامە وەڵامی هەبێت ئاشێکی باراش خواردووە. لەو گۆڕەپانی بێنەوبەرەیەدا بازی بەخت بەسەر زۆر کەسەوە نیشتووەتەوە و زۆر کەسیش لە هاوڕێی سەنگەرەوە مۆری نادروستیی یان تەنانەت ناپاکیشیان لێ دراوە و زەرەری گەورەی کەسییان پێ گەیاندراوە. ژمارەی ئەوانەی لەو بێنەوبەرەیەی "چەپ" چییە و چەپ چۆن بێت سەرنگوون کراون کەم نیین.

پێموایە پێداگرتنێکی نادروست نییە گەر بڵێم "چەپ" پێشتر دەستی بە خوێنی خۆی سوورە، وەک بە ئی دوژمنانی.

هەبوونی چەپی جودا و لێکدانەوەی چەپ بە شێوەی جودا بە ڕای من نە سەیرە و نە خەوشێکی تایبەتیشە. هەر لە سەردەمی ڕۆشنگەریی Enlightenment هیچ زانستێک نییە، بە مارکسیزمەوە (کە جۆرێک لە چەپەکان بە زانستی دادەنێن)، لەم دوو سەد ساڵەی دوواییدا دەیان و بیستەها لک و پۆپی لێ نەبووبێتەوە. هەر لە ماتماتیک، فیزیک، کیمیا، بایۆلۆژی، ئەنترۆپۆلۆژی، سایکۆلۆژی، سۆسیۆلۆژی و هتد لە سەرەتادا تەنیا

---

[1] http://encarta.msn.com/dictionary_/left.html

[2] http://dictionary.cambridge.org/define.asp?key=45386&dict=CALD

وەک خۆیان زانست بوون، بەڵام وردەوردە لێکۆڵەرەوانی جودا هەموو ئەم بابەتانەیان قووڵتر و فراوانتر کردەوە.
لە سەرەتادا زۆر لایەن ڕەفتاری کۆنەپارێزیان دژ بەم جۆرە پێشکەوتنانە دەنوواند، بەڵام پاشان دەرکەوت کە لک و پۆپدەردانی ئەو زانستانە سوودی باشیان بە مرۆڤ گەیاند.
ئەگەر مارکسیزم زانست بێت ئەوە ڕەنگە تەنها زانستێک بێت کە بە داخەوە ئەو جۆرە قووڵبوونەوانەی بە خۆوە نەدی. بۆ نموونە کاتێک دەیڤد مارش[3] دەڵێت لە یەکەم سەد ساڵدا هیچ گۆڕانکارییەک بە سەر مارکسیزمدا نەهات، بە ڕای من پێداگرتنێکی دروستە کە من هەم بە خەوشێکی گەورەی دادەنێم و هەم بە ڕەخنەیەکی دروستیش. چونکە تەنیا لێکدانەوەیەکی باڵزاڵ کە بتوانێت هەژمۆنی سیاسیی پیادە بکات لێنینیزم بوو. بەڵام بە هەرحاڵ، ئەوی گرنگە ئەوەیە کە ڕێبازگەلی دیکەش هەبوون و هەن و هەموو ئەمانە لێکدانەوەی جودای خۆیان بۆ مێژوو و بیری سەرهەڵدانی مارکسیزم و خوێندنەوەیەکی دیالێکتیکانەی مێژوو هەیە. کەواتە بە کورتیەکی "چەپ" ی جودا هەن و ژمارەیشیان زۆرە.
بێل هووکس Bell Hooks لەسەر گرفتی فێمێنیزم دەڵێت "گرفتێکی گەورەی گوتاری فێمێنیستیی ئەوەیە کە نەمانتوانیوە بگەینە کۆنسێسێکی (هاوڕاییەکی) ڕووانگەیی سەبارەت بەوەی کە فێمێنیزم چییە یان ئەوەی کە پێناسەگەلەکان کە دەشێت بتوانێت وەک خاڵگەلێکی یەکخەر سوودیان هەبێت، پەسەند بکەین".[4]
دەتوانرێت دروست هەمان شت لەسەر چەپ بگوترێت. مادام چەپ بووە بە سەدان جۆری لێکدانەوەی جودا، هەر چەپێک کە بمانەوێت کۆنکرێت لەسەری بدوێین حەتمەن دەبێت پێناسەیەکی هەبێت. هیچ پێناسەیەکیش ناتوانێت تەنیا گشتیی بێت. بە ڕای من بە زۆرەوە کاتی ئەوە هاتووە ئەو داواکاریەمان لەسەر "چەپ" هەبێت کە بزانین مەبەستی لە مانای "چەپبوونی" چییە. ئیتر "چەپ" دەبێت ناوێک، پرۆگرامێک و کۆمەڵێک پرنسیپی ڕوونی کار و میتۆدۆلۆژی خۆی هەبێت.

### "چەپی" بێئاگا:

"چەپی" کورد زۆرن کە پێیان وایە داواکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، پرسی بەرابەریی، مستوەگرکردنی خوێندن بۆ هەمووان، دۆزینەوەی کار بۆ زۆربایەتی خەڵک، هەبوونی داوودەرمان و هەلی تیمارکردن، ڕێگاوبانی باش و و شتی دیکەی لەو چەشنە تەنیا تایبەتە بە چەپ. کەسان هەن نازانن کە شێوەکانی لیبرالیزم و چەپی سۆشیالیدیموکرات بە گشتیی نەک هەر ئەو جۆرە دادوەریە ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو کاری شایان باسیان بۆ کردووە و بۆ دەکەن. لە زۆر حاڵەتدا زۆر باشیش تێیدا سەرکەوتوو بوون. ئەمە لە کاتێکدا کە هیچ کاتێکیش بەڵێنی بەهەشتی سەرزەمینیان بە کەس نەداوە.
خۆ ئەگەر باس تەنیا لەسەر دروشم و بانگەشەی سەر کاخەز و دەمیی بێت ئەوا لە سەدوبیستساڵی ڕابردوودا ڕێکخراوگەلی ئیسلامیی، کریستیانی و لایەنانی برژوازیی زۆرن کە قسووریان لە نووسین و گوتنەوەی ئەو جۆرە دروشم و داوایانەدا نەکردووە.
بەڵێ چەپبوون دەشێت، بە تایبەتی بە پێی پێداگرتن و بانگەوازە سیاسیەکانی سەدەی نۆزدە و بیست، بتوانێت مانایەکی ڕادیکالتر و دڵخوازیەکی زێدەتر بە زۆربەی زۆری ئەو پرسانە و وەئەنجامگەیاندنیان بدات، هاوکات کە دەشێت هەرواش نەبێت بەڵکو زیانیشیان پێ بگەیەنێت.
نموونەی چەپ زۆرن کە نە هەر بستێک مافی کرێکار و ئافرەتان و ژینگە و هی دیکەیان پێش نەخستووە، بەڵکو تەنانەت تێکدەر و وێرانکار و بکوژ و بەرهەمهێنەری فاشیزمیش بوون. تاکەکەس زۆرن لە ناو ڕێکخراوی خۆبەچەپزاندا کە نەک هەر لەگەڵ پرسی بەرابەریدا نین، بەڵکو دژیشن و هەیانە لەسەر حیسابی ژن و منداڵی خۆی خۆی پێش دەخات و ئەزموونداری لێدان و کوتانی مێینەیماڵە.
هەروەها ئەو خزمخزمێنەیەی لە ناو زۆرێک لە "چەپ"دا برەوی هەیە وا بێتامە کە هەر لە منداڵەورتکەی گوند دەچن، کە دەست بە پشتوێنی یەکەوە دەگرن و خەریکی کلاوکلاوێنە و گۆرەوی بازین.

---

[3] Theory and Methods in Political Scaence. Second Edition. David Marsh and Gerry Stocker 1995, 2002. p. 153
[4] Feminisms, Oxford University Press 1997, Edited by Sandra Kemp and Judith Squires, (Bell Hooks) p. 22

من پێموایه دەلیل بە هەزارانن کە مرۆڤی کورد، ئەوانەی هێندە تێگەیشتوون کە ڕازی نابن گێرەیان پێ بکرێت، داواکارییان لەسەر ڕێکخراوێکی خۆ بە چەپزان ئەوە بێت کە ئەو ڕێکخراوە پێناسەیەکی ورد و تێروتەسەل و ڕوونی ئەو جۆرە چەپەی خۆی بکات.
لە ڕێگای پرۆگرامێکی ڕوون و ئاشکراوەیە کە کەسی ئارەزوومەند بتوانێت بزانێت ئەو چەپەی فلان ڕێکخراو بانگەشەی بۆ دەکات چییە. هەر لەوێشەوەیە دەتوانێت بزانێت کار و کردەی ئەو ڕێکخراوە تا چەند لەگەڵ پرۆگرامەکەیدا ڕاستگۆیە. بێ بوونی بەرنامە و پرۆگرامێکی ڕۆشن مەحاڵە بتوانرێت لە ڕادەی ویست، جیددیەت، تێگەیشتن، بەرپرسیاریی، بەرەوپێشچوون، پێشکەوتووخوازیی و لایەنانی دیکەی ڕێکخراوێک بگەیرێت.
کاتێک پرۆگرامێکی سیاسیی ڕێکخراوێکی چەپ بریتی بێت لە تێکەڵاوکردنی کۆمەڵێک وشەی تەواو سواو وەک "کرێکار، زەحمەتکێش، سۆشیالیزم، ماندوونەناس، هاوڕێی شەهید، حیزبی پێشڕەو و هتد" بێ ئەوەی پێناسەیەکی تەواوی چەپبوونی خۆی، تێگەیشتنی بۆ دادپەروەریی، بۆ بەرابەریی، بۆ مەسەلەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی، بۆ ژینگە و شتە گرینگەکانی دیکە هەبێت، دەبێت تێبگەین کە ئەندامانیان مەڕن و باعە باعیانە. تا ژمارەی مەڕەکان زیاتر بن سەرکردایەتیەکی سیاسی کەمتر ناچار دەبێت پێناسەی چەپبوونی خۆی بەیان بکات.
ئەمە قسەیەکی ناخۆشە، بەڵام ئیتر کەسێک دەبێت بیکات.
ئەمە ڕاستیەکی تاڵە، بەڵام ئیتر دەبێت بگوترێت.
نیشانەیەکی سەرکردایەتیەکی تێنەگەیشتوو و ناوەفادار بە بیری "چەپ" ئەوەیە کە خۆی لە پێناسەی ورد و ڕوون نادات، چونکە بەو شێوەیە دەتوانێت درێژە بە باڵاڵیی خۆی بدات و پێوەندی وەستا و شاگرد لە ڕیزەکانی خۆیدا بهێڵێتەوە. بەو شێوەیە سیاسەتکردن بۆ وەستاکان دەبێت و باعەباعیش بۆ ئەندامان.
ئەوجا دەستەڵاتی سیاسیی هەم لە ناو ئەو ڕێکخراوەیەدا و هەم لە ناو ئەو وڵاتەدا کە تیایدا بەکارە بە چ بەخت یارییەک دەکەوێتە دەست ئەو مەڕانە، چەندیان دەکرێن بە قوربانیی و کاتێک دەستەڵاتیان گرتە دەست چۆن بەرخورد دەکەن، پرسیارگەلێکن دەبێت بێ شک ئەوانە لە خۆیانی بکەن کە ئاییندەیان بە لاوە گرینگە.
وەکوو هەموو ئەوانەش گرینگ ئەوەیە کە ئایا کەی قەرارە بە دەستی مەڕ و بە باعەباع سۆشیالیزم بهێنرێتە دی؟
وەبیرتان دەهێنمەوە کە بە ئەقڵی باش دەکرێت فاشیزم بەرلەوەی شکۆفە بکات، بە خونچەیی بناسرێتەوە.
بەڵام گرفتی ئامادەکردنی پێناسەیەک بۆ "چەپ" وا کە ڕێکخراوەیەک خۆی پێ بناسێنێت مەسەلەیەکی هەروا هاسان نییە. نەزانین، بێسەوادیی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، نەبوونی ئاییندەبینیی، نەناسینی دۆست و دوژمنی ئێستایی و ستراتیژیی، ترسان لە شکاندنی بەندوباوی سونەتیی، ترسان لە بەهەڵەسەلماندن، ترسان لە نەتوانینی کۆکردنەوەی خەڵک و زۆر هۆی دیکە هەن کە ڕێکخراوەیەک نایەوێت یان ناتوانێت پێناسەیەک ئامادە بکات. هۆکانی خۆساخنەکردنەوە دەتوانن زۆر بن.
لە دۆخی ئەوەدا کە پێی دەگوترێت چەپی کورد ڕەنگە هەموو ئەو هۆیانەی سەرێ پێکەوە هەبن. بەڵام گرفتی دیکەش هەن کە هەم ئامادەکردن و هەم هەبوونی پێناسەیەک زیاتر پێویست و هاوکات زەحمەت دەکەن. بۆ نموونە ڕێکخراوێکی "چەپ" لە چ پارچە زەمینێک لە جیهاندا خۆی دەبینێتەوە.
ئایا ڕێکخراوێکی "چەپ" بەشێکە لە نەتەوەیەکی بندەست یان نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت؟ ئایا لە وڵاتێکدا بە کارە کە دەوڵەتێکی دیموکراسیی، پەرلەمێنتاریی، فرەگەرایی تیایدا حاکمە یان تاکڕەو و تۆتالیتار؟ ئایا دەوڵەتێکە خاوەن کۆلۆنی یان ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆلۆنیزە بووە؟
هەموو ئەمانە شایانباسانە دەتوانن ناوەڕۆک، خەسڵەت، کردار، ئاکار و میتۆد و لایەنی دیکە لەو ڕێکخراوەیەدا بگۆڕێت.

**نموونەیەک:**

زۆرێک لە چەپی ئورووپا لە بەینی سونەتیبوون و ڕادیکالیزمدا کەوتوونەتە ئەو خۆدژگۆییەوە کە لەلایەکەوە وەک نەریتێکی "چەپ" بایەخ بە مەسەلەی نێونەتەوەیی دەدەن، بەڵام لە پراکتیکی سیاسییدا دژ بە هەبوونی یەکێتی ئورووپان کە دەتوانێت بە مانای سڕینەوەی کۆمەڵێک سنوور، یەکگرتنی کرێکارانی

چەندین وڵات بە سەندیکا و یەکێتیە کرێکاریەکانەوە، تێکەڵاوبوون، زێدە سەقامگیرترکردنی ئاشتی و شتی زۆری دیکە دێت.
چەپەکان لە بەرخوردی سیاسییاندا ڕۆڵی هێزە بەپارێزەکانیان (کۆنسەرڤاتیڤ) هەڵگرتووە کە لە سەداسەد پرۆتۆکشونیستن، واتا ماڵی خۆپارێزن. بەو مانایەی کە پێیان وایە کۆمپانیاکانی ماڵەوە هەر بەشی کرێکارانی خۆ دەکەن و هەموو ئاڵوگۆڕێک بە زەرەریان دەگەڕێتەوە. پارادۆکسی ئەم خاڵە کە هەموو ئەو جۆرە چەپانەی ئورووپا سەریان ناپەرژێت بیری لێ بکەنەوە ئەوەیە کە ئەگەر هەموو وڵاتێک زەرەر بکات ئەی کێ قازانجی لێ دەکات؟ مرۆڤ دەتوانێت باسی زەرەری دروستبوونی زلهێزێکی ئورووپی، کەمهێنانی دیموکراسیی، چەقگرتنی دەستەڵات لە ناوەندا و زۆر شتی دیکەی تر بکات کە دەتوانن بەرهەمی یەکێتی ئورووپا بن. بەڵام هەموو ئەم پرسە گرینگانە جێگای ناسەرەکیی دەگرن لە سیاسەتی ئەو جۆرە چەپانەدا.
هەڵبەت هەر چەپی ئورووپا نییە کە گیرۆدەی خۆدژگۆیی لەو جۆرە بووە.

## ئەدی ئەی "چەپی" خۆمانە؟

زۆرینەی چەپی کورد (ئەو ژمارە کەمەی لی دەربچێت کە بە جەختەوە پێ لەسەر کوردستانیبوونی خۆی داگرتووە و دادەگرێت) لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کوردستاندا لە جیاتی ئەوەی یەکەمین ئاڵاهەڵگری بزووتنەوە ئازادیخوازیەکە بن، یەکەمین نەیاری بوون. بە پێچەوانەوە، ئەوی بە هەرحاڵ خۆی ڕاتەکاندبێت وەڵامێک بە بندەستەیی کوردستان دژ بە داگیرکاران بداتەوە لە بەری "ڕاست" بووە.
نەبوون یان خاڵیبوونی جێگای "چەپ" وەک لایەنێکی بەکاری پۆزەتیڤ لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کوردستاندا، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی کوردستان و بە گشتیش لە باشوور، زەرەرێکی لە باسنەهاتووی بە خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کوردستان، بە ئاییندە و بە تواناکانی گەیاندووە.
ئەو جۆرە "چەپەی" کورد، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی کوردستان، کە تا ئێستا بەگشتیی هەبووە، هێندە لە لایەنی مێژووی نەتەوەکان، خەباتی ئازادیخوازیی، خەباتی چینایەتیی، جۆری تیئۆری، میتۆدی جیاواز، مانای ئابووریی لە پێوەندی چەوسانەوە و چەوساندنەوەدا قووڵ نەبووەتەوە کە پێی لەسەر ئەرز بێت.
شانسی ئەوەی کە لە ڕێگای دەستگیرکردنی دەستەڵاتی ناوەندەوە ڕێکخراوێکی "چەپ" - ی نەتەوەیەکی بندەست هەم نەتەوەی خۆی ئازاد بکات و هەم نەتەوەی سەردەست بە گۆڕانکاریەکان ڕازی بکات دوعای زیاتری گەرەکە وەک لەوەی تا ئێستا بۆی کراوە.
ئەم ڕاستیەمان لە ئەزموونێکی تاڵدا بۆ دەرکەوت، هەرچەندە هێشتا چەپ ماون کە لە گرەوکردن لەسەر ژیانی خەڵک هەر ئازا و بەجەرگن.
ئەوی سەرمەستی خۆشیهاتن لە ئەقڵی خۆی نەبێت دەبێت ئیتر تێ بگات کە نەتەوەی بندەست جینیان لە کولەکە و لە فانۆسی سیحریدا بۆ نایەتە دەر مورادیان حاسڵ بکات.
سەرئەنجامی ئەو خەبات و کارە کە جۆری ئەو "چەپانە" بانگەشەی بۆ دەکەن ئەوەیە کە دەیبینین. مەگەر چ شێتێک هەیە ئەو پەژموورەدەییە بشارێتەوە کە لە بەرچاومان دەیبینین؟
لەبەرئەوە "چەپێکی" ناو کوردستان دەبێت چۆن بێت هەروەک پێناسەی یەکەمی خودی "چەپ" گرینگە. ئایا بەرنامەی سیاسیی ڕێکخراوێکی "چەپ" هەر لەوێدا دەتوانێت برەوی هەبێت کە لە وڵاتێکی خاوەن کیانی سیاسییدا بێت؟ یان ئەو ڕێکخراوەیە دەبێت بۆ فەراهەمکردنی ئەو کیانە سیاسییە تەواو چالاک بێت، لانی کەم چونکە بێ ئەو کیانە سیاسیە خۆی ناتوانێت هەبێت (هەڵبەت دەتوانن هەبن، ئەگەر ئەم شێوە هەبوونەی ئێستا بە ڕاستیی "هەبوون" بێت).
ڕادەی لە خواربوونی تیئۆریی و سیاسیی ئەو جۆرە "چەپەی" کورد وا نزمە کە ناتوانن ڕووخسارێک بەو بندەستییە، بە ئازاری داگیرکراوی، بە زەرەری گیانیی و ماڵیی بدەن. لە باشترین حاڵەتدا پێیان وایە کە هەموو ئەوی بەسەر کورددا ڕوو دەدات پێوەندی بە هەبوونی کەسێک یان چەند کەسێک یان مەزهەبێکەوەیە هەیە لەسەر حوکم. تا ئێستا یەکێک لەو چەپانە نەیتوانیووە ڕەهەند، گرینگی و بایەخی دادۆشینی ئابووری لە پێوەندی داگیرکراو و داگیرکاردا بەیان بکات.
ئەمە کارەساتە.
ئەوانەی بانگەشە بۆ باشترین بەهەشت بۆ کۆمەڵگا دەکەن تەمایانە بە چ سیحرێک ئەو کارە ئەنجام بدەن؟

نەتەوەی بندەست ئێسکی ژیانی تێدا دەشکێنرێت و لە زۆر حاڵەتدا لە تۆپەڵە قوڕێک دەچێت. لە ڕاستیدا لە هەر شتێک دەچێت لە مرۆڤ نەبێت. بێ ئازادی نەتەوەیی ئەستەمە قسە لەسەر هەر جۆرێک لە سیستەمی سیاسیی بۆ بەڕێوەبردن بکرێت، جا ئەو سیستەمی بەڕێوەبردنە باوەڕبوون بێت بە پێشکەوتنی هەنگاو بە هەنگاو و ڕیفۆرم و بە ئارام تێپەڕاندنی قۆناخەکان، یان بە شۆڕش و بە بەهەشتی سۆشیالیزم لەسەر ئەو دونیایە.

لە ناوجەرگەی گومانێکی زۆر لە خەباتی ئازادیخوازیی، دوودڵیەکی زۆر لە ویست و ئارەزوو و شەیدایی خەڵک بۆ ئازادیی، ترسێکی زۆر لە نەزانینی وەڵام بۆ پرسیارگەلێکی بێئەژمارد، خۆدزینەوەی بەردەوام لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی مێژوویی، ئەم جۆرە "چەپانە" دێن و خۆ بە "ڕابەر" و "پێشڕەو" و چی و چی لە قەڵەم دەدەن. بەڵام بە ڕاستیی ڕابەر و پێشڕەوی کێ؟

من پێموایە کە بۆ ئەوانەی خۆیان بە چەپی کوردستانیی دەزانن مەسەلەی تەلاش کردن بۆ دامەزراندنی کیانێکی سیاسیی نەتەوەیی (جا لەم قۆناخەدا فیدراڵی بێت یان شتێکی دیکە، کە بە ڕای من بۆ چەپی ئازادیخوازی جیددی دەبێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی بێت)، مەسەلەی بڕوابوون بە پلورالیزمی سیاسیی، خەباتی پەرلەمێنتاریزم، بڕوابوون بە خەباتی دیموکراسی و پەسەندکردنی سەرئەنجامەکانی، خاڵگەلیک بوونایە کە خەسڵەتی بنچینەیی ئەو ڕێکخراوەیە دیاری بکەن. ئەوجا پرسی وەکوو بەرابەریی، واتە ڕێگادان بە شیکردنەوە و لێکدانەوە و سەرئەنجاموەرگرتنێکی فێمێنیستیانە و جێکردنەوەی پرسی جۆرەکانی جنسگەرایی و کەمئەندامیی و هتد تیایدا، لەگەڵ مەسەلەی ژینگەپارێزیی بەشێک بوونایە لە بەرنامەی ئاییندەیی و ئاییندەبینی ئەو ڕێکخراوەیە.

کاتێک جیهان زیاتر و زیاتر ڕووخساری گوندێک بۆ هەمووان وەردەگرێت ئەوە گرینگە کە ڕێکخراوگەلی ڕادیکال و مرۆڤدۆست بتوانن بەرنامەی جیددیان بۆ نێزیککردنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتر و بۆ ئامادەکردنی زەمینەیەکی گونجاو هەبێت.

گرفتی ئەو جۆرە چەپە هەر ئەوە نییە کە لە پرۆسەی ئازادیخوازیی نەتەوەییدا دوودڵ و بە گومانە، هەر ئەوە نییە لە ڕووی تیئۆریەوە نەزانە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە کۆنەپەرستە ئەوا دژایەتیەکی تەواوی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی و ئافرەتان دەکات.

هەر لەبەر خۆوە بڵمەبڵمی "سۆشیالیزم" و "پێشڕەو" و "زەحمەتکێش" ـ ی لێ دەبیسترێت و لە پراکتیکیشدا تەمەڵ، هیچ نەکردە، نەزان، ناتەکانخواردە و کۆنەپەرستە.

حاڵیبوون کە سۆشیالیزم پرۆژە نییە بەڵکو پرۆسەیە، هاوکات پرۆژەیەکی شەخسیی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی کۆمەڵییە، کە سۆشیالیزم مەنزڵ نییە بەڵکو قۆناخە، توانایەکی سیاسیی و فەرهەنگیی گەورەوگران دەخوازێت و پێویست دەکات.

ئەگەر وا بڕیارە کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و دەوڵەتێکی خزمەتگوزار بۆ هەمووان بێت ئەوا ڕێکخراوێکی چەپ دەبێت لە سەرەتاوە لە مانای هاوبەشێتیەکە، هاوبەشبوون و هاوبەشیکردن حاڵی بێت، کاری بۆ بکات و سەرئەنجامەکانی نیشان بدات.

تێگەیشتن و بڕوابوون و وەفادارییی بەو پرنیسپانەیە کە ڕێکخراوەیەکی چەپ دەکات بە هێزێکی پێشڕەو کە بڕوای بە هێزی خەڵک دەبێت، کە بەڕاستی خەڵکی پێویست دەبێت و خۆی بە چەند سەد ئەندامێکەوە گرێ نادات، کە داواکاریی لەسەر ئەندامان و کارگێڕانی خۆی دەبێت، کە لە ڕەخنەگرتن ناترسێت و زوێر نابێت، کە پێش هەر کەسێک خۆی ڕەخنە لە خۆی دەگرێت، خۆی ئاماژە بە هەڵەکانی خۆی دەکات، کە لایەنی بەکاری کۆکردنەوەی لایەنەکان و دامەزراندنی بەرەیەکی بەرفراوان دەبێت.

چەپبوون خەسڵەتە دەبێت لە ڕەفتاردا تەواو ڕەنگ بداتەوە.

نەبوونی هێزێکی ئاوای دەینامیکی لە ڕێکخراوێکی "چەپ" دا دەبێتە مایەی بێ وزەیی و ناسەرحاڵیی، وا کە بە پێچەوانەی ئەوەی کە "پێشڕەو" ـ ی کۆمەڵ بن، لە ڕاستیدا لەسەر ئاستی سیاسیی، تیئۆریی، فەرهەنگیی و تەنانەت ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی، ناشتوانن ناڵ بن.

ئەوە چ جۆرە دۆخێکە کە گەل بە گشتیی سەدان فرسەخ لە پێش ئەو ڕێکخراوەن کە خۆی بە پێشڕەویان دادەنێت؟

## پێناسەیەکی "چەپ" چی دەگرێتە خۆی؟

پێناسەیەکی چەپ هەتا زیاتر پڕ وردەکاریی بێت و ڕوونتر بێت باشترە و دەتوانێت زۆر خاڵی جودا بگرێتە خۆی. ئەگەر "چەپبوون" لە بنەڕەتدا پێوەندی گرینگی بە وەفاداریی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە هەبێت، ئێمە بێ گومان دەبێت بپرسین ئایا پێویستە چەپ خاوەنی ڕەوشتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەتی بێت کە لە جۆری خەتی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیەکانی دیکەی جیا بکاتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بێشک دەبێت "ئەرێ" بێت. بەڵام ئەم وەڵامە ئەرێنیە پرسیاری دیکەی بە دوادا دێت:

- ئایا دەبێت/ پێویستە پێناسە و وەسفێکی ئەو ڕەووشتە لە پرۆگرامی سیاسی ئەو ڕێکخراوە "چەپەدا" هەبێت؟
- ئایا دەبێت/ پێویستە هەموو ئەندامێک پێڕەوی ئەو خەتەی ڕەووشتی پرۆگرامی ڕێکخراوەکەی بکات؟
- ئایا ئەگەر کەسێک پێڕەوی دەستووریکی ڕەووشتیی نەکرد قابیلی سزایە یان چۆن چارە دەکرێت؟
- ئایا تەنیا مەبەستی باش بەسە بۆ ئەوەی کەسێک بە چەپ دابنرێت؟
- ئایا سەوادی سیاسی، زانین لەسەر مێژوو، تیئۆری، ئایدیۆلۆژی، ڕەووشت و پرنسیپە تایبەتی و گشتیەکانی "چەپ" بە ڕاستی پێویستن بۆ ئەوەی کەسێک بە "چەپ" دابنرێت یان بە ئەندامبوون لە ڕێکخراوەیەکدا کە مۆری "چەپی" لە خۆی داوە ئۆتۆماتیکی ئەو پلەیە دەبەخشێت؟

## سەرئەنجام:

گیروگرفتی پرسەکان لە ڕێکخراوی "چەپ" دا بۆ نموونە مەسەلەی "سۆشیالیزم" (جا ئیتر هەر شێوەیەک بێت، لەو پەڕی بەڵێنی حوکمەتی خۆشگوزەرانیەوە تا بەهەشتی سەرزەمین) لە خودی داوا و ئاییندەبینیە سۆشیالیستیەکەدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کە تا چ ڕادەیەک ئەو بیرە پێناسە دەکرێت، دۆخەکان چۆن شی دەکرێنەوە، کێشەکان چۆن فۆرمولە دەکرێن، خاڵە ئێستایی و ئاییندەیەکان چۆن کۆنکرێت ئاماژەیان پێ دەکرێت و هەنگاوەکارەکان چۆن دیاریی دەکرێن و پاشان لە پرۆسەی بەئەنجامگەیاندنیاندا کامە میکانیزمگەلی لێپرسینەوە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن دەخرێنە کار.

شیلەی بیری باش دەبێت لە کرداری ئەوانە بتکێت کە بەڵێنی کۆمەڵگایەکی "باشتر" دەدەن.

بە گشتیی قسەکردن زەحمەت نییە، بە تایبەتی قسەکردن زەحمەتە، چونکە دەلیل و دەلیلهێنانەوە و بناخەی تیئۆری پێویست دەکات.

پرۆگرامی حیزبێکی "چەپ" چەند خۆی لە هەڵبەستنی سۆز و هەستیی، لە پفدراوی و بە ڕۆمانسیکردن وەدوور دەگرێت هەروەها فرە گرینگە.

ئاستی تواناکان بۆ ڕاپەڕاندنی کارگەلی ئێستا چەندە و چەند و چۆن خۆ بۆ بەئەنجامەگەیاندنی کاری ئایندە تەرخان دەکرێت، دەبێت هەروەها بەشێک بن لەو خاڵانەی کە سەری ڕێکخراوێکی "چەپ" دەئێشێنن.

ئەوی پێی دەگوترێت چەپی کورد، بە تایبەتی لە خۆرهەڵات و بەگشتیش لە باشوور، لە کۆمەڵێک قەیرانی جودادا خۆی دەبینێتیەوە. ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە ناتوانن وەڵامێک بە سەردەم بدەنەوە، ئەوا ئەندامان و لایەنگرانیان، ئەوانەی ڕێز لە خۆیان دەگرن، دەبێت بتوانن پرسیاری جیددی بکەن و داوای وەڵامی ڕوون و ئاشکرا بکەن.

لە هەندێک دۆخی ئەرتەشیی یان ئی دیکەدا وردەکاریی و نهێنی هەن کە دەبێت بپارێزرێن، بەڵام لە سیاسەتکردن و داڕشتنی پرۆگرامی سیاسیی ڕێکخراوەیەکدا هیچ خاڵێک نییە بە نهێنی بهێڵرێتەوە.

لە پرۆگرامێکدا کە بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵک بێت جێی خۆیەتی زۆربەی زۆری خاڵەکان ڕوون، دیار، ئاشکرا و کۆنکرێت بن.

دەنا چی لە کێ بشارینەوە؟

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٦/١١/١٢